کەمسیۆن: ڕێژەی بەشداری لە دەنگدانی تایبەتدا گەیشتوەتە 82.42%

کەمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، ڕێژەی بەشداری لە دەنگدانی تایبەتدا گەیشتوەتە 82.42% و زۆرترین ڕێژەش لە هەرێمی کوردستان بەشداربون.

عومەر ئەحمەد سەرکی دەستەی کەمیسیارانی کەمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند "دەنگدانی تایبەت لە کەشکی ئارامدا بەڕێوەچو، کۆی گشتیی بەشداربوان ملیۆنێك و 100 هەزار دەنگدەربو لەکۆی ملیۆنێك و 313 هەزار دەنگدەر کە ڕێژەی بەشداری گەیشتە 82.42%ی کۆی دەنگدەران".

جەختیشیکردەوە کە "کەمسیۆن سیستەم و ڕێساکانی بۆ دەستەبەرکردنی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە داناوە، بۆ پاپشتی دامەزراوە فەرمییەکان و لیژنەی باڵای ئەمنی بۆ هەڵبژاردن، کە لەزامەندی دەربڕیوە لەسەر مانەوە لە دوریەکی یەکسان لە هەموان لە پێناو پاراستنی دەنگی دەنگدەران".